www.kurdistannet.org
5-10-2006 23:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کورتە چیرۆک

## سۆزی نیشتمان... م. حەمید عەزیز

داناو نەورۆز دوو هاورێی گیانی بە گیانی یەک بوون و نزیکەی دەساڵێک دەبوو لە وولاتی ئەڵمانیا لە شاری مانهایم دەژیان نزیک شاری کارلسرۆ کەئەکەوێتە بەشی رۆژئاوای وولاتی ئەڵمانیا ناوچەی شتوتگارد. تەمەنیان نزیکەی سی ساڵ دەبوو ژنیان نەهێنابوو هەریەکەیان لە شقەی یەک کەسیدا دەژیان کەئەکاتە یەک ژورو هەر لەو ژورەدا خواردن و دانیشتن و نوستن و خۆگۆڕین دەبوو، خۆ ئەگەر میوانێک بهاتایە ئەوە جێگە تەنگ ئەبوو.
هەردووکیان لای کابرایەکی تورک ئیشی گەسیان دەکرد (دۆنەر) کابرای تورکەش هەتا بڵێی ناجسن بوو لەگەڵیان بەڵام ئەمان چاریان نەبوو چونکە خواردنەکەشیان لەوێ بوو بۆ ئەوان باش بوو لەباری ئابووری یەوە گلەییان نەبوو.
رۆژێکیان دانا چوو بەدووای نەورۆزدا بریاریان دا کە بەپیاسە بەرەو چەقی شار برۆن و تۆزێکیش شتومەک بکرن بۆ ماڵەوە چونکە ماڵەکەی نەورۆز لەبازارەوە نزیک بوو بەیانیش ئەیکردە رۆژی دووشەمەو رۆژی پشودانیان بوو (لەراستیدا رۆژانی پشووی فەرمی ئەو وولاتە شەمەمەو یەکشەممەیە بەڵام داناو نەورۆز پشوییان دووشەممان بوو) بەدەم رۆیشتنەوە نەورۆز دەستی برد بۆ دوواوەی پانتۆڵەکەی و سەیرێکی جزدانی پارەکەی خۆی کردوو بە دانای ووت:
- ئەرێ دانا ئەڵێی چی تۆزێ بیرەش بکرین خۆ بەیانی پشووەو کارمان نی یە با ئەمشەو تۆزێ سەرمان گەرم کەین ئەمرۆ بۆ نەگبەتیش یەکشەممەیە هیچ شوێنێک نی یە بەڵام شوێن شارەزام بۆ مەی کرین پەکم ناکەوێ.
- جا بۆنا.. ئەم بیرە هەرزانەی ئەم وولاتە هەر شایستەی خۆمانە بیخۆینەوە.
- کەواتە ئەیکرین و ئەچین لەلای من ئەمێنینەوە ئەمشەو.
- پێم خۆشە چونکە تۆزێ بێتاقەتم حەز ئەکەم تەنیا نەبم ئەمشەو.
بەدەم قسەوە گەیشتنە چەقی شارو جار جار برادەرانیشیان دەبینی و سڵاویان لێ دەکردن و جارجارەش دەوەستان و نیگای کچانیان دەکردو دانا بە نەورۆزی ئەوت:
- کورە برا سەیری چی ئەکەی ئەوانە هەتا گەنجی ئەڵمانی وەستابێ سەیری ئێمە هەر ناکەن بەخوا بەقەد سەگێ رقیان لێمانە.
- جا با رقیان لێمان بێت من بۆخۆم تێر نیگایان ئەکەم چی ئەبێ باببێ.
- مەسەلە نیگا نی یە نەورۆز گیان ئەوان وا سەیرمان ئەکەن کە ئێمە بێگانەین لەراستیشدا وایە ئێمە میوانین کاکە گیان خۆ ماڵی باوکمان نی یە.
بەراستی جوانی شاری مانهایم گاڵتەی پێناکرێ هەم لەسروشت و ئاوو هەوای هەم لەتەکنەلۆجیادا زۆر لە پێشەوەیە بەتایبەت لەجادەو بان و بیناسازی و.. هتد.
وورده وورده شتومەکەکانیان کڕی و بەدەم قسەوە گەیشتنەوە ماڵی نەورۆز. ماڵی نەورۆزیش 35م دووجایە و بریتی یە لەیەک ژوورو تاکێ قەنەفەی قەیفەی کۆن و بەرەیەکی بچوک و مێزێک لەبەردەم قەنەفەکە و تەسجیلێکی مۆدێل کۆنی کە دەرگای کاسێتەکەی شکابوو پەنجەرەیەکی بچوکی بێ پەردەو رەنگی کاغەزی ژوورەکەی مارۆنی بوو تەلەفیزیۆنێکی کۆن و ڤیدیۆیەک لەژێریا و چەند کاسێتیکی ڤیدیۆ بڵاو بوو لەو ناوە هیچ شتێ لەو ماڵە لەیەکچون (تنسیق) و جوانی تێدا نەبوو قەتویەک بیرەی بەتاڵیش لەسەر پەنجەرەکە بوو.

کاتژمێر دەوروبەری دوانزەی شەو بوو دانا لەماڵی نەورۆز بوو بەیەکەوە دانیشتبوون ئەیان خواردەوە وورده وورده دانا بیرەی ئەخواردەوەو قسەی دەکرد سەری گەرم بوو بوو لەپڕ ڕووی کردە نەورۆزو ووتی:
- بیرت یەت نۆ ساڵ لەمەوبەر ساڵی 1996 بوو لە ئەسینا بووین خەڵکی چۆن پارەیان پەیدا دەکردوو پێی دەهاتن بۆ ئیتاڵیاو دووایش بۆ ئەڵمانیا.. ؟
- چاکم لەبیرە بەئیشی قۆڕو نێربازی لەگەڵ پیرەکاندا ئەچوون نیوەی شەو ئەهاتنەوە بەخوا شەرمەزاری بوو.. جا ئەوە کەی ئیشی پیاو بوو.
- ئاخر من خەفەتی ئەوە ئەخۆم هەر ئەو کەسانەن کە هەزارو یەک ئیشی قۆڕیان کردووە تا گەیشتوونەتە ئێرە لێرە خۆیان بیر چۆتەوەو هەر نازانن کوڕی کێن.. !
- بەخوا ڕاست ئەکەی دانا گیان هەر ئەوانەن ئەڕۆنەوە بۆ کوردستان خۆیان با ئەدەن بەسەر خەڵکیداو.. بەکچی ئێرەش ڕازی نابن ئەڕۆنەوە هی پاکیان ئەوێ.
بەدەم قسەوە کاتژمێریان کرد بە دەوروبەری سێ ی شەو، بەتەواوی دانا سەرخۆش بوو بوو حەزی ئەکرد بگری و جارجارەش دەستی ئەگرت بەسەری یەوە و ناوچەوانی ئەخستە سەر لەپی و لەشێوەی خەفەتبار دیاربوو جارێکی تر ڕوی کردە نەورۆزو بەدەنگی بەرز ووتی:
- نەورۆز گیان ئێش و ئازاری گەندەڵی نیشتمان هێندەی ئێش و ئازاری غەریبی و پتریشە ئەو دڵەی من لەچ بیابانێ شاخێ دەشتێ دۆڵێ سەرخەوێ باو بحەوێتەوە.. ؟ ئێرە غەریبی و دەردی سەری و بێگانە پەرستی یە، ئەولاش خراپتر لێرە چونکە بێ ماڵی و بێ ئابووری و بێ دەسەڵاتی یە. شاخ و زەوی و گرد نەما بستێ خاک مەترێ قوڕاو هیچ.. هیچ شوێنێک نەما هیوایەکی دانیشتنی لێ بکرێ هەموو سەرمایەدارن و بست بە بستی ئەو خاکەیان کڕیووە.. بڕوات بێت حەمەی برام ئەو ڕۆژە لەتەلەفونەکەدا ئەیووت (چووین بۆ سەیران بۆ پشتی ئەزمڕ) ئەزمڕی سلێمانی خۆمان، ئەیووت (یەک جێگە نەیانهێشتووە لابدەین بۆ سەیران لەهەموو شوێنەکان هەڵیان سانوین) جا توخوا ئیتر چۆن مرۆڤ ناتەقێ لە ووڵات و نیشتمانی خۆی پێی ڕەوا نەبینن لەسەر خاکەکەی دانیشێ. بەکورت و کرمانج دارو بەردەکەشیان کڕیووەو داگیر کردووە هەموو شتێک چ ڕۆح لەبەرو بێ ڕۆح تەڕو ووشک کانی و کارێز.. هتد. هەمووی بوو بە هی خۆیان. دانا بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی بەتەواوەتی سەریشی گەرم بوو بوو ئەیووت:

جیاوازی چینایەتی یەکی گەورەو زەقە
خۆزگە ژیان لای ئێمە وانەبا
ئەو خەوەم ئەهاتە دی
زوڵم و ئاوارەبوون و نایەکسانی نەبا
بۆ ئاواتێک ئەژیم من
چەوسانەوەو برسێتی نەبا
تاکەی دووژمنی یەک بین
هەموو بەیەکەوە لەماڵێ وەک و خوشک و برا ئاگامان لەیەکتربا
تاکەی بەرچاومان تێر نابێ
ژیان وەک دنیای منداڵی دڵ پاک و بێ تەماح با
چ سودێکی هەیە تەماح و شەڕ.. ؟
با نێوانمان لەباتی شەڕو ئاگر خۆشەویستی با.
لەنێوان نیشتمان و غوربەتا دەریایەک

تاریکی و دڵەڕاوکێ و نەخۆشی دەرونی هەیە
خۆزگە غوربەت و بێ ماڵی نەبا
مردن لەنیشتماندا لەژیانی پادشایی غوربەتی خۆشترە
زیندانی نیشتمان لە ئاوارەیی خۆشترە
غوربەت وون بوونە دارزانە دڵ شکانە دەبا ئاوارەبوون نەبا.

- ئەوە چی یە دانا بەقەبری باوکم بووی بە شاعیر بیرە ئاوا ئیلهام دروست دەکات بەخوا نەم زانی بوو کورە دە تۆزێ پێ بکەنە و دوو نوکتەمان بۆ بکە ئەمە چی یە ئەم جدیات و کوردایەتی یە.. ؟ بەخوا باوکم ئەوە ناهێنی دنیا من نارۆمەوەو سەری خۆیشم نایەشێنم.
- نەورۆز گیان وازم لێ بێنە زۆر نارەحەتم لەتۆ وایە من لێرە دڵخۆشم بەخوا بەسەر جادەکەشدا دەڕۆم شەرم دەکەم. کاکە نەوە گیان سەرم گەرم بووەو باداخی دڵم دەرکەم من کێم هەیە لێرە لەتۆ زیاتر بەقوربان بەخوا کە ڕۆیشتمەوە تۆش ئەبەمەوە لەگەڵ خۆمدا ئەی توخوا بیری دایک و خوشکەکانت ناکەی.. ؟ کورە بەخوا مرۆڤی غەریب بێ کەسیش وەک و مردوو وایە.
- کورە دانا گیان بەخوا تابەیانی گوێت لێ ئەگرم خوا ئەکا تۆ بەوە دڵت خۆش ئەبێت خۆت بەتاڵ ئەکەیتەوە لە خەفەت گوێ گرتن زۆر ئاسانە، بەڵام حەزم کرد خەفەت نەخۆی لەباتی ئەم قسانە دوو نوکتەمان بکردایە بۆ ئەوەی تۆزێ پی بکەنین.
- ڕاست ئەکەی بەڵام نارەحەتی چۆتە خوێنمەوە بەدەست خۆم نی یە بیری مەڵکەنی گەڕەکەکەی خۆمان دەکەم، مرۆڤ لەنیشتمانی خۆی یەک جار ئەمرێت، بەڵام لەغوربەتدا هەموو ڕۆژێ مردنێکە. لەنیشتمان زۆردارەکان یەخەت دەدڕن و بەشت دەخۆن بەڵام غوربەت و مەنفا کزۆڵەییت پێ دەبەخشێ، گۆشە گیریت فێر دەکا، هەمیشە لەمەنفا بچوکی و هەست بەکەمی و ناتەواوی دەکەیت.